نەرمین مەعروف:لیژنەیەکی تایبەت بە ڕکارەکانی وەزارەتی دارایی عێراق بە ناردنی موچەی فەرمانبەران پێکدەهێندرێت

د.نەرمین مەعروف غەفور ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێندرێت بەمەبەستی بەدواداچون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی بەپەلە لەبارەی ڕکارەکانی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە خەرجکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم.

د.نەرمین مەعروف غەفور لەهەژماری تایبەتی خۆی لەتۆی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاویکردەوە، لەبەردەوامیی پێداگری و هەوڵەکانمان بە زامنکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان وبەتایبەت موچەی (فەرمانبەران و خانەنشینان و تۆی چاودێری کۆمەڵایەت) لە یاسای بودجەی سێ ساڵەی فیدراڵی و چارەسەری ریشەیی بە پرسی موچە لە هەمواری یاسای بودجە، ئەمە لەسەر پێشنیازی ئێمە بیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەك درا.

ڕونیشیکردەتەوە، "بیاردراوە بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەندامانی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران بەمەبەستی بەدواداچون و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی بەپەلە لەبارەی ڕکارەکانی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە خەرجکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم، بەتایبەتی لەدوای بیاری ئەنجومەنی وەزیران بەتەرخانکردنی بڕی 618 ملیار دینار بە

موچەی مانگی (کانونی دوەم/1)ی ساڵی 2024، ئاستی جێبەجێکردنی پابەندییەکانی سەر هەرێم لە یاسای بودجە".